# ناسنامەی چەپێکی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان و پێویستی بوونێکی چالاک

بۆچوون
ئاسۆ بیارەیی
١٨-١-٢٠١٢ سوێد

لەسەرەتای دروستبوون و دەرچوونی مانیفێستی پارتی کۆمنیست دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٧و پێویستی بوونێکی پارتێکی تایبەت بە چینی کرێکار کە بتوانێت ڕادەیەک بۆ چاوچنۆکی و چەوسانەوەی سەرمایەدار و خاوەن کارگەکان دابنێت، ئەو فەلسفەیە (مارکسیزم) توانی کۆمەڵێک دەسکەوتی هەمەلایەنە بۆ گەلان و چینەکانیان دەستەبەر بکات، لەوانە:

- سەندیکا و ڕێکخراوی تایبەت بۆ ڕێکخستنی کرێکاران و کە بتوانن لەنگەرێک لە نێوان مافەکانیان و داواکانی چینی کرێکار دابین بکەن.
- بیمەی کۆمەلایەتی، لەوانە خانەنشینی گشتی کە هێشتا لە هەندێ وڵاتی ئەوروپا و ئەمریکای لاتینی برەوی هەیە، بیمەی نەخۆشی کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی بگرێتەوە.
- خوێندنی خۆڕایی و یارمەتی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە هەژارن و مسۆگەرکردنی بژێوی ژیانیان.
- لە هەمووی گرنگتر بزوتنەوەی فەمینستی(ژنان) لە سالانی حەفتای سەدەی پێشو ، یەکێکە لە گرنگترین مافەکانی ژنان لەیەکسانی کارکردن و موچە.
- قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵان بە گشتی

ئەوانە وسەدەها دەستکەوتی دی کە ئەمڕۆ گەلان لەسێبەریدا دەحەسێنەوە، هەرچەندە بە هۆی دارمانی بلۆکی سۆشیالیستیەوە ئەمڕۆ ئەو مافانە لە پاشەکشێدان.

**لیرەدا گریمانەکە ئەوەیە کە پێویستی بوونی ناسنامەیەکی سەربەخۆ بۆ چەپ و ئەو لایانانەی کە مارکسیزم وەک فەلسەفەیکی زانستی بۆ کارنامەیان بەکاردەهێنن، دەبێ بۆچی بێت؟ لە باشووری کوردستان پێوەندیی سەرمایە و ئابوری بەرەو هەڵکشان دەروات، بوونی ئەو ناسنامەیە دەبێ کاریگەری چیبێ، لەلایەک بۆ هۆشیارکردنەوەی کرێکاران و کاسپکاران و لەلایەک بۆ ئۆرگانیزە و ڕێکخستینان تا بتوانن بەرگری لە مافەکانیان بکەن. تاکەی هێزی چەپ و شیوعی دەبی بۆ خۆیان دڵسۆز نەبن؟**

**بوونی (پلاتفۆرم) سەکۆیەکی سەربەخۆ بۆ چەپەکانی باشووری کوردستان گرنگە چونکە:**

- کارنامە و کارایی لە بۆرژوای پاشکەوتو و دەربەگ و خێڵەکی، کە ئەمڕۆ سامان و بەرهەمی کوردیان خستوەتە ژێر بەزەیی سەرمایەدارانی ناوچە و جهیانەوە، یەکلادەکاتەوە وایان لێدەکات ووزەیان لەو هێزانەدا نەتوێننەوە کە گوێ بە هیچ پرنسیپێکی مرۆڤایەتی نادەن و گەلی کورد وەک کاڵا سەیر دەکەن و بەهەرزان لە مەزادخانەی بازرەکانی ناوچەدا خاکەکەی دەفرۆشن.
- دەبێ چەپەکان ببنە هێزێکی توکمە و ئەکتیڤ نەک پاشکوی ڕووداوەکان و لە مێژووی پێشو خۆدا بژین.
- دۆخی یاسای بازاری دارستان و ئازاد، لە باشووری کوردستان باشترین زەمینەیە بۆئەوەی ئاڵا هەڵگرانی چەپ بتوانن ئەو ناسنامەیە بە شێوەیەکی دیار دروستبکەن، چونکە خاوەن بیردۆزێکی زانستین و شارەزای کایەکانی سیستەمی سەرمایەدارین.

- نەبوونی ئۆپۆزیسۆنێکی ڕاستەقینە کە سازش نەکات بە داخوازی خەڵکەوە، دیسان پێویستییەکی تری گردبوونەوەی ئەو چەپانەیە لە پلاتفۆرمیکی ئازاد کە بتوانن توێژەکانی گەل بە مافەکانیان ئاشنا بکەن و ببنە ڕابەریان.
- بوونی چەپێکی سەربەخۆ، ڕادەیەک بۆ بالابوونی پێوەندی سەرمایە و بازار دادەنێت، کە چۆکی بە تاکی کورد لە باشووری نیشتمان هێناوە و هوشیاری لێ زەوەت کردوە.
- دامەزراندنی کارکە و کۆمپانیا بە شێوەیەکی بەرفراوان، بە تایبەتی دوای ڕوخاندنی ڕژێمی سەددام، دەروازەیەکی تری زێڕینە بۆ ئەوەی کارنامە چەپەکان بخرێتە پراکتیک، چونکە کوردستان بەم شێوەیەی ئەمڕۆ هەنگاوی بەرەو سەرمایەداری نەناوە. دامەزراندنی سەندیکای ڕاستەقینە و ڕێکخراوی تایبەت بە مافەکانی کرێکاران، کارمەندان، جوتیار...هتد.
- مافی مێینە بە گشتی، کە لە باشووری کوردستان لە بەردەم گەورەتین مەترسیدایە. دیسان چەپەکان بە گشتی ئەو هێزەن کە دەتوانن ڕێپێشاندەربن و دەتوانن بۆ نموونە دژی دیاردەی قێزەونی ژنکوشتن بوەستنەوە.
- هەڵگرتنی ئالای سەربەخۆیی کوردستان کە بۆرژوایی خێڵەکی و بنەماڵەیی کوردی پاشکەتوو، شکستی هێنا لە بەدیهێنانی، چەپەکان دەتوانن ئەو ڕابەرییە بگرنە ئەستۆ.

ناسنامە یەکێکە لە هێما گرنگەکان، کە کەس و تاقم و گروپ، لەوانی دی و لە یەکتر جیا دەکاتەوە و کۆمەڵگە لەو بێ سەرو بەری و شیواندنە ڕزگار دەکات. ناسنامەی زیندو و چەسپاو، داینامیک و پرۆسەی نێوان توێژەکانی کۆمەڵگە سروشتیانە وەگەر دەخات (بڕوانە دانیال لیڤی، ٢٠٠٧).
بوونی ناسنامەیەکی چەپ لە باشووری کوردستان دروشم و ئامانجەکانیان بە شێوەیەکی دروستتر دەخاتە بەردەم هاولاتی و پتر ئاشنا دەبن لە نێو کۆمەڵگەدا. هەروەها پتر کاریگەرییان دیار دەبێت لە سەر ڕووداوەکان، نەک پاشکۆ، دەبنە خاوەن بریار نەک جێبەجێکەر وەک دۆخی ئەمڕۆ.


سەرچاوە
کوردی
مانیفیستی کۆمۆنیست
http://www.marxists.org/kurdi/marx/babetekan/marx_1848_manifesti_komonist.pdf

ئینگلیزی
DANIEL Levi. (2007). GROUP DYNAMICS FOR TEAM, Sage Pulications